بێجگە لە گوتەی تاراوگە، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێک بڵاوبکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە، ئامانجمان تەنها خستنە رووی هەواڵ و زانیاری کوردانی تاراوگەنشینە..

# تاراوگە

TARAWGA

سەردار فەتاح ئەمین

سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی ئەکات

Amsterdam

Holland

26 Juni. 2018

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەرئەچێت

ژمارە 3 ساڵی یەکەم ٢٦ حوزەیرانی ٢٠١٨


# رەوشی کۆچبەرانی کوردو دەردە کوردە لە تاراوگە

## گوتەی تاراوگە

رەوشی کۆچبەرانی کورد و دەردە کوردە لەتاراوگە مێژووی کۆچکردن یا کۆچپێکردن لەجیهاندا بۆ دەرەوەی زێد، لەگەڵ داگیرکاری و بارودۆخە نائاسایی و نائارامەکاندا دەسپێئەکات، کۆنترین ئاوارەبوونیش سەرەتا بۆ رۆژهەڵاتی ناوین بووە، دواتریش بەرەو باکوری ئاسیا چووە. مێژووی کۆچ بۆ٥٠-٦٠ هەزارساڵ بەر لەئێستا مەزەندە ئەکرێت، بۆیەکەمجاریش ئەوکاتە بووە، کە بەرە و ئوستراليا رۆیشتوون و پاشان لەئافریکاوە رووە ناوەندی رۆژهەڵاتی ئاسیا بەرێکەوتوون، دواتر بەرەو ئامریکاو ئاورووپاش هەنگاویان ناوە، تا بەرۆژی ئەمرۆشمان ئەگات.

کۆچ بەردەوامەو بەیەکێک لەکێشە دیارەکانی نێو وڵاتانیش هەژماردەکرێت .لەمێژووی نوێشدا کۆچ بەگشتیی بەسەر سێ شەپۆلدا دابەشدەکرێت:- یەکەم /کۆچپێکردنی ناچاری ئەفریکاییەکان بەرەو ئامریکا بۆ چاندنی لۆکە،کەبوە هۆی خنکانی چەندین کەس لەئاودا. دووەم/کۆچی ناچاری بەرەو ئاوروپا لەسەردەمی داگیرکاریدا(کە لەسەرەتای چلەکان و تاکۆتایی ساڵانی شەستەکان روویدا)ئەویش بۆ خزمەتکردنی سوپا شەرکەرەکان بووە. سێیەم/شەپۆلی فراوانی بەرەو ئەوروپا، ئەویش پاش جەنگی جیهانی دووەم و پێداویستی دەستیکارە، لەئاکامیشدا ئەو شەپۆلە لەگەشەسەندنی ئابووریدا بەشێوەیەکی بەرچاو دوای کارەساتی شەرو رووخانی ژێرخانی ئابووری لە ئەورووپا رەنگیدایەوە.

کوردیش هەروەک میللەتانی دیکە گەر لەدەسپێکی سەدەی بیستەمەوە وەربیگرین،دەبینین بەهۆکاری جیاواز زێتریش بەهۆی کێشەی رامیاری زێدی باب وباپیرانی خۆی جێهێشتووە،لە ناوە دیارەکانی ئەوی رۆژێش بنەماڵەی بەدرخانەکان کە بەرەو ئەڵمانیا و فەرەنسا رۆیشتن،دوای شەری جیهانی دووەمیش لەهەموو لاوە بەهۆی ستەم وزۆرداری رژێمە یەک لەدوای یەکەکان و بەهۆکاری رامیاری وئابوریی وکۆمەڵایەتیی....هتد. بڕوانە ل ٢

TARAWGA

## سەنتەری ئەرشیف ولێکۆڵینەوەی رۆژنامەگەری کوردستان

### کۆڕێکی "بۆ یادی ١٢٠ ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی لە هانۆڤەر پێشکەش کرە

نوسینی: مزەفەر عەزیز






رۆژی یەکشەممە رێکەوتی ١٧-٠٦-٢٠١٨ "سەنتەری ئەرشیف ولێکۆڵینەوەی رۆژنامەگەری کوردستان"بۆ یادی ١٢٠ ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی کۆڕێکی لەلایەن م.جەمال خەزنەدارەوە، بۆ کۆمەڵێک بەرێز رێکخست، سەرەتا بەرێز لوقمان بەرزنجی باسی یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی کوردیی "کوردستانی نوێ"ی کرد و تێیدا سەختییەکانی ئەوکات و رەوشی رۆژنامەگەری و کەموکورییەکانی ئەمرۆی رۆژنامەگەریی کوردی و هەژموونی حزبایەتی خستەڕوو، بەشی دووەمیش بەشیعر خوێندنەوە کۆتایی هات، شایانی باسە ئەو کتێبەی لە وێنەکەدا ئەبینرێت، دوابەرهەمی م. جەمال خەزنەدارە و بە سوپاسەوە، دانەیەکی پێشکەشی تاراوگە کرد.

بابەتێک بۆ گفتوگۆ

## کارەساتی وەرگێڕان؛ تێگەیشتن ئیدیۆم !



ئیسماعیل حەمەئەمین حەمەلاو

بۆ ئەوەی وێنەیەکی سادە لەمەڕ لێشاوی وەرگێڕانی کوردییتان پێ ببەخشم، ئەم نمونە سادەیە دەهێنمەوە، بێگومان بۆ ئەوانەشی، کە لەفارسیی و عەرەبیەوە وەردەگێڕن هەمان تراژیدیایە؛ بۆ نمونە لە ئەڵمانیدا ئەم ڕستەیە هەیە:Hast du alle tassen im schrank ئەم ڕستە گەر وشە بەوشە بیکەیت بەکوردی بەمشێوەیەیە؛ ئەرێ تۆ هەموو کوپەکانت لە دۆڵابەکەدایە....! بەڵام ئەم وەرگێڕانە وشە بە وشە ڕاستە، چونکە هەموو وشەیەک وەرگێڕدراوە، بۆ نمونە tassen، کەمانای کوپەکانە و دۆڵاب – schrankبەڵام لەمانادا هەڵەیە، چونکە بەبێ تێگەیشتن لەمانا و شارەزایی لە ئیدیۆم، وشە بە وشە وەرگیراوە و تۆ وا دەزانیت، کە باس لە کوپ و دۆڵاب دەکات. بەڵام گەر شارەزای زمانەکە بیت بەباشی، نەک لە ڕێگەی قاموس و فیلم و سەرپێیەوە و لەناو زمانەکەدا و نەریتی زماندا ژیابیت، ئەم ڕستەیە مانای ئەوەیە؛ ئەرێ تۆ تێکچوویت !😁 ئاوەها ئەم لێشاوی وەرگێڕانە، فارسی و عەرەبی و ئینگیلزیانەی ئەمڕۆ وەک کاڵای چینی دونیایان پڕ کردووە... بەسادەیی لە برای وەرگێڕ بپرسە چارەکێک باسی مارسیل برۆستت بۆ بکات. (خواتان بێت برۆست تەنها ڤالتەر بنیامین بەهاوکاری پڕۆفیسۆرێکی تر وەریگێڕاوەتە سەر ئەڵمانی!)، یان دیستۆیێفسکی کە سامی الدروبی هەموو ژیانی خۆی بۆ تەرخانکرد، یان کافکا (تا ئێستا ئەڵمان لەسەری دەنوسن)...ئەوا دەزانیت کە فڕی بەدونیای ئەوانەوە نییە، تەنها وشە بە وشە، بێتام وەریگیڕاوە...! بۆئەوەی هیچ دەزگا و کەسێک شەرمەندە نەکەم، باسی کەس ناکەم، بەڵام تراژیدیا لەوەدایە ئەم کتێبانە خوێنەری کورد دەخەنە وەهمەوە، گوایە؛ کافکا و برۆست و سوهراب و جبران خەلیل جبران نازانم چییان خوێندۆتەوە! لەڕاستیدا ڕستەیەکیان بەو زمانەی پێی وەردەگێڕن پێ ناگوترێت و ناتوانن قسەی پێبکەن، نمونەش زۆرە...بەداخم بۆ خوێنەری کورد، لە بازاڕ کاڵای چینی و تورکی و ئێرانی لەش و گەدەی ژەهراوی دەکات و لە کتێبخانەش وەرگێڕانی خراپ مێشکی ژەهرکردە دەکات...

# پاشماوەی گوتەی تاراوگە...... ڕەوشی کۆچبەرانی کورد لە تاراوگە و دەردە کورد

شەپۆلی کوردان پەیتا پەیتا ڕووی لەزیادی کردووە .خستنەڕووی ئەم باسە لێرەدا سەرەڕای سەختییەکانی کۆچبەر و مامەڵەکردنی لەگەڵ خاک و زمان و کولتورێکی جیاواز، بەرخوردی خودی کوردان خۆشیانە لە دەرەوە لەگەڵ یەکتردا، ئایا چی وایکردووە ڕەوشی کۆجبەرانی کورد بەمشێوەیە بێت؟ ئاخۆ دەردە کوردە گەیشتۆتە تاراوگەش؟! بۆچی کورد لەساڵانی بەرێ، هەتا پێش ڕاپەڕینیش لە ئێستا یەکگرتوو تربوون؟ لێرەدا کاتێ کەباسی یەکگرتوویی کوردان لەرابردوودا ئەکرێت، ئەبێت باسی کۆمەڵێک لاوی چەپی خوێن گەرم و خوێندەڤانی ئەو سەردەمە بکرێت، کە ڕوویان لەوڵاتانی بلۆکی سۆسیالیستی و ئەوروپا کرد و بەبێ وچان و چالاکانە لە هەموو کۆنگرەو کۆبوونەوەکانی ئەوسا ڕۆڵی کارایان ئەبینی و زۆربەشیان دواتر وەک سەرکردە و کەسایەتی دیاری گۆڕەپانی سیاسی مانەوە و بەردەوام بوون لەخەبات، کەسانی گرووپەکەش لەهەموو پارچەکانی کوردستان پێکهاتبوون و لەدەوری تاکە یەک کۆمەڵەش کۆببوونەوە بەناوی(کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد/ئەوروپا). ئیتر بەو ناوە چەندین کارو خۆپیشاندان و گردبوونەوەیان ئەنجامداوە و سەرۆکەکەشیان هەر جارەو لەپارچەیەکی کوردستان هەڵئەبژارد. سەرەتا ڕەوانشاد عیسمەت شەریف وانلی لە ساڵی ١٩٥٦ لە تەک هەژدە قوتابی تری کورد، کە ئەوکات لە ئەوروپائەیانخوێند، کۆمەڵەکەیان ڕاگەیاندو لە ساڵانی ١٩٥٨ بۆ ١٩٦٢ بۆ خۆی سەرۆکایەتی ئەو کۆمەڵەیەی ئەکرد. لەساڵی ١٩٥٨–١٩٧٤، ئۆرگانێکیشیان بەناوی (کوردستان) دەرئەکرد کە ١٧ژمارەی لێدەرچووە، کەچی بەداخەوە ئێستا ئەم جوڵانەوە و جۆش وخرۆشە بەجۆرێک کپ و سست بووە، کە بەتەواوی هەستی پێئەکرێت، جا گەر وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی سەرەوە بەهەرشێوەیەک هەبن، نابێت ببێتە ڕێگر لە تاکی کورد، کە نەتوانێ ڕۆڵی خۆی بەچاکی بگێڕیت و لەم سەردەمی جیهانگیرییەدا لەمپەرێکی لەبەردەم دروست بکات، کە نەتوانێ ئازادانە سەکۆیەکی تایبەت بەخۆی بەکاربهێنێ بۆ گەیاندنی دەنگی ڕەوای خۆیان بەجیهان بەگشتی و هاونیشتمانیانی بەتایبەتی، ئەبێ ئەمەشمان لەبیرنەچیت گەر جاران و بەر لە پەنجا شەست ساڵ کورد بەو ژمارە و توانا کەمەوە توانیبێتیان ببنە ڕەنگ و دەنگی یەکگرتووی کوردان، ئەوا ئێستا بە ملیۆنان کورد نیشتەجێی تاراوگەن و ئەتوانن زۆر لەڕابردوو زیاتر توانا و سەنگ و قورسایی خۆیان بۆ هەر گۆڕانکاری و پێشهاتێک بخەنەگەڕ. جاچی لەو وڵاتەی لێی ئەژین، یاخود لەسەرانسەری جیهان بەکاری بهێنن، بۆیە دەرچوونی بڵاوکراوەیەکی وەک تاراوگە ڕێگە خۆشئەکات سەرەتا بۆ کۆکردنەوەی تاکی کورد لە شوێنێک بێت بەبیروڕا و تێبینی وسەرنج و توانای جیاوازی خۆی لەدەوری خاڵیکی دەستپێک، کە بڵاوکراوەیەکی نۆبەرەیە، بەناوی "تاراوگە" کە پێوسیتییەکی گرنگە نەک هەر بۆ ئێستای کوردانی دەرەوەی وڵات، بەڵکو بۆ نەوەی داهاتووش، کە لەتاراوگەدا بەدنیاهاتوون، ئەکرێ ببێتە سەکۆیەک بۆ بەستنەوەی نەوەی نوێ بە هاوزمان وهاونیشتیمانیان لەهەر شوێنێکی ئەم دنیایەبن و ئاشناکردنی فەرهەنگ و توانا و لێهاتوویيان بەیەکتر و بنیادنانی شێوازێکی نوێی بەیەکەوەکارکردن، بەشێوازو زمانێکی سەردەمیی دوور لەزمانی ڕکوکینە و دووبەرەکی و لێکترازان، با زمانی گوڵ بکرێتە ئامانج بۆکۆکردنەوەی زۆرترین هاونیشتمانیان لە تاراوگە، بەهەموو ڕەنگ و دەنگە جیاوازەکان، با هەموو پیرۆزبایی لەم هەنگاوە جوانە و لەدایکبوونی بڵاوکراوەی"تاراوگە" بکەین، لەپێناو گەیشتن بەئاوات وئامانجەکانمان.

به سوپاسەوە "مزەفەر عەزیز" نوسیوێتی

**تاراوگە بڵاوکراوەیەکە** دەنگ و ڕەنگی هەموو کوردانی تاراوگەیە، بەبێ جیاوازی ئینتمایی سیاسی و حیزبی، هەموو زانیاری و ئاگاداریەک و بابەت و هەواڵی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هونەری بڵاوئەکاتەوە، لە ئێستادا بە شێوەی ئەلەکترۆنی بڵاوئەکرێتەوە.

# پـــــــــرد



هیوا خطاط

زۆر قەڵەم ئەنووسن و بابەتی هەمەجۆریش، هەندێکیان ئەیانەوێت ئاراستەی نووسین بگۆڕن وەک بڵێی ئەیانەوێت یان هەریەکە خاوەنی ستایڵی تایبەتی خۆیان بن، یان نووسین بپەڕێننەوە بۆ ئەودیو ئەو ترادیسیۆنەی، کە چەند ساڵە هەمانە هەندێک قەڵەم ڕەگەز و کەرەسەکانی نووسین ئەکەنە ئەوروپایی...هەندێکی تر خەمی ئەوێ کاریان تێ ئەکات... بەڵام هەموو ئەوانەی تاراوگە هاوزمانی خۆمانن و دڵبەندی ئازار و دەردەکانی زێدی خۆمانن، مەبەستەکەش بێگومان واتای ئەوە نابەخشێت، کە ئیتر ببڕای ببڕای نابێت باسی خەمی مرۆڤی دنیای دەرەوەی ئێمە بکرێت، بەڵام ڕەهەندی کەلتووری تاکە ڕێیەکە بۆ گەیشتنی پەیامەکان و ناساندنی گەنجینەی فکری و دیوەخانی ئەدەبی و شیعری خۆمان، چونکە چەند نەوەیەک، لە تاراوگە گەورە بوون و ئاگایەکی ئەوتۆیان لە زمان و بەرهەمەکانی خۆمان نییە و نامۆن پێی ، نەک هەر شیعر و ئەدەبیات بەڵکو مێژوومان و بابەتی هونەری ناو کەلتوور و نوێش، بەڵام بێگومان ئەمە واتای دوورە پەرێزیی نییە لە شێوازی مۆدرێنی نووسین و تەکنیکی تازە و تازەگەریی و پەیڕەوی کردنی یاساو ڕێساکانی مرۆڤدۆستی و جێ پێ هەڵگرتنی میللەتانی پێشکەوتوو، تا نەکەوتنە ناو بازنە تاریکەکان و بەزاندنی هێڵی سوور، بۆ نموونە ئەدەب و شیعری منداڵ، کە سیستمە پارێزەرەکان هەر ڕێ بۆ ئەو بەرهەمانە خۆش ئەکەن، کە جارنامەی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوە منداڵ دۆستەکان ڕەنگیان بۆ ڕشتووە و لەوەبەدەر بوار نادەن هەندێک بابەت، کە ئەبێتە سترێس یان ڕاهێنان لەسەر پەروەردەی نادروست و دوور کەوتنەوە لە ڕایەڵەکان و پەیوەندییە ئینسانییەکان و پەیوەندی مرۆڤ بە ئاژەڵەکانەوە و جوداکاری ئاستی کۆمەڵایەتی، واتە چینایەتی لێ ئەکەوێتەوە.

من بۆیە لەسەر بابەتەکانی منداڵ پێم داگرتووە لەبەر ئەوەیە، کە زووتر ئاگامان لەوان بێت و پاشەڕۆژ لەوێ بن یان لە ناو خاکی وڵاتی خۆمان، کەم تا زۆر بە هەموو کوردەواری ئاشنابن، بەتایبەتی زمانە کەمان....

دوا جار ئەم بابەتە بۆ قسەوباس لەسەرکردن ڕەنگە لای دڵسۆزان جێگەی بایەخ و لێ ورد بوونەوە بێت.


لە ژمارەکانی ئایندەی تاراوگەدا، بۆچوونی دیکەش بڵاوئەبێتەوە.

## ئەدەبی منداڵانی کورد

## چەند پێویستی بە نوسەری وەک (یانۆش) هەیە ...!



عەبدولغەنی کاکۆ






یانۆش زیاتر لە سەدوپەنجا کتێبی بە زمانی ئەڵمانی بۆ منداڵان نوسیوە و ئەو کتێبانەشی لەبەر ڕەهەندی پەروەردەیی و فێرکاری وەرگێڕدراونەتە سەر زیاتر لە سی زمانی جۆراوجۆری دونیا. ئێستا کەم دایک و باوکی ئەڵمان، تەنانەت دەتوانم بڵێم کەم دایک و باوکی ئەورووپیش هەن، کتێبەکانی (یانۆش)یان بۆ منداڵەکانیان نەکڕیبێ و نەیانخوێندبێتەوە، یان بەلای کەمەوە ناویان نەبیستبێ.. چیرۆکەکانی یانوش چیرۆکی سادەن، بەڵام یانۆش هێندە ئاوڕی لەم شتە وردانەی دونیای منداڵ داوەتەوە، کە ئەگەر کەسێک زۆر لە سایکۆلۆژیای منداڵ قووڵ نەبێتەوە، نازانێ منداڵ چۆن چێژ لەو شتە وردانە وەردەگرێ و چۆن بزە دەخاتە سەر لێویان و لەوێوەش پەیام و ئامانجی پەروەردەیی خۆیان پێ ڕادەگەیەنێت .

من زۆر جار کە ئەم چیرۆکانەی یانۆش لەگەڵ هەندێ لەو تێکستە کوردییانە بەراورد دەکەم، کە گوایە بۆ منداڵان نووسراون، بەزەییم بە منداڵی کورددا دێتەوە، وام دێتە بەرچاو وەک ئەوەی هەندێ نوسەر پاش ئەوەی هەست بە فەشەلی خۆیان دەکەن، لە بواری نووسین بۆ گەوران، ئیتر نایانەوێت گۆڕەپانەکە هەروا بەجێبهێڵن، دێن بۆ منداڵان دەنووسن بەبێ ئەوەی تۆزقاڵێک شارەزاییان لە تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی منداڵان یان لایەنی کەمی خەسڵەتی سایکۆلۆژیا و پەروەردەی منداڵدا هەبێت، وەک ئەوەی، تەنانەت هەندێک لەوانە زۆر لەو شتانەی دەینووسن (ئەوە هیچ کە تۆزقاڵێک چیە ئاستی تایبەتمەندییەکانی تەمەن و قۆناغەکانی گەشەکردنی زمانی منداڵیان لەبەر چاو نەگرتووە)، دێن بە زمانێکی هێندە سەقەت و وشک دەینووسن، کە نەک منداڵ فێری زمانێکی ڕەوان ناکات، بەڵکو بۆی هەیە زمانیشی بشێوێنی. جا تۆ کاتێک هەندێک لەم تێکستانە دەخوێنیتەوە، کە بەداخەوە هەندێکیان خزاونەتە ناو پڕۆگرامی خوێندنیش– ئینجا دەزانی منداڵانی کورد چ زوڵمێکیان لەلایەن ئەم نوسەرانەوە لێ دەکرێت، ئەو نوسەرانەی دەیانەوێت پارسەنگی فەشەل و چەقبەستوویی خۆیان لە پەنای (نوسین بۆ منداڵان) لە غیابی هەستی بەرپرسیارێتی و ویژدانی زیندووەوە بدۆزنەوە..

# بەڕاست، تەواوی ئەوروپا و ئەمریکا وازیان لە شەکر هێناوە ؟!

سەردار مەحمو/ لاهای



زۆر جار بەخۆم دەڵێم: دەی بابە تۆ حەقت چی یە، خەڵک چۆنی پێخۆشە، باوا خۆ بخلافێنن ! بەڵام ئیتر خەڵک سەردەکەنە سەرم و لەم پێ یە بڕوات منیش ماوەیەکی تر ڕەقەم دەبەسم ... دوای ئەوەی دوێنێ وتم: هەواڵ و ڕاپۆرتی بێ سەرچاوەم بۆ مەنێرن، ئەمڕۆ برادەران، دامیانە بەر ئەم ڤیدیۆیەی ئاغای شەکەری ..!

کاریان ڕاست بێت ...

ئەگینا وەکو فەقێکەی سلێمانیم لێ دەهات .

دەڵێن: کاتی خۆی، فەقیەک هاتە سلێمانی و درۆم نەکردبێ، لە مزگەوتەکەی شیخ بابە عەلی قەرەداخی گیرسایەوە، باپیرەی ئەم بەهادین نوری حازری یە.

فەقێی زۆڵی سلێمانی، زۆر سەریانکردە سەری فەقێ و بە گاڵتە ئیزعاجیان کردبوو. ڕۆژێک فەقێ، بوخچەی دەبنهەنگڵی ناو، شیخ بابە عەلی چاوی پێی کەوت..

– ها کوڕم بۆ کوێ ئۆغر ؟!

+ وەڵا ماموٚستا چیت لێوەشێرم، فەقیکانت سوعبەتم زۆر لەگەڵ دەکەن و لە تەحەمولما نەماوەو ئیزعاجیان کردوم و دەڕۆم!

شیخ بابە عەلی فەقێ کۆدەکاتەوە هەڕەشەیان لێ دەکات، کە ئیتر گاڵتەی لە گەڵ مەکەن...بەینێک فەقێ بێ دەنگ و بەینەو دوا جارێکی تر فەقێ بوخچەی لەبن هەنگڵ نایەوە . شێخ بابە عەلی دەیبینێت...

– ها فەقێ، ئیستا چی بوە ؟!

+ وەڵا ماموٚستا دەڕۆم ...

– بۆ خێرە، ڕۆڵە، کێ ئیزعاجی کردوی ؟!

+ وەڵا ماموٚستا، کەس گاڵتە لەگەڵ مندا ناکات و ئەڵیی قازی کوێرم..

– ئەی کوڕم خۆت داوات نەکرد ؟

+ نا نا ماموٚستا، ئیجگار واش نا...

با سێ شەممان و جومعان گاڵتە هەبێ ... هههههه

ئەسڵی مەقسەد ...

من هیچ شتێک لە بارەی طوبەوە نازانم، قسەش لە سەر شتێک ناکەم کە لێی نەزانم ! ناشزانم ئەم کاکی (ناصح) ەی ئەم ڤیدیۆیەی گرتووە، دکتۆرای لە زانستی خۆراکناسی، ڕشتەی شەکرەکان هەیە، یان پرۆفیسۆرە لە زانستی دەرمانسازیدا، یان بۆردەکەی لەسەر چی یە...! یان "خودا نەخواستە" کە انشاالله کە قەت وانابێ، وەک ئەو یاریدەدەری پزیشکانەی شارەکانی خۆمان، بۆ کەسبی ڕزق نۆرینگەیەکیان کردۆتەوە بۆ ئەهلی گەڕەک.. (خوا ڕزقی هەموو لایەک بدات – ئێمەش خاکی پای چاکان). بەڵام تەنها یەک شت دەزانم... هەموو شتێک لەم دنیایەدا، لایەنی سلبی و ئیجابی هەیە... براله ....لێرە لیجانی گەورە گەورە، پاش سەدان لێکۆڵینەوە، ئەوسا بڕیار لەسەر سود و زیانی هەر دیاردەیەک، یان خۆراکێک دەدەن و هێشتا ناشوێرن بەگەلەکەیان بڵێن جیهادی نەفس بکەن ! هههه.

هەر دەرمانێکی تازەش کە دەدۆزرێتەوە، شازدە ساڵ، لەسەر جرج و مشک تاقی دەکەنەوە، ئەوسا دەدرێ بە ئینسان. لای خۆمان نەبێ... کابرا کە ژەهر بۆ مشک دەکڕێت، تۆزێکی دەدات بەسەر زمانیەوە بزانێت بە قوەتە ؟!

ئاوەدان بی مەملەکەت ... تەنانەت گەردیلەیەک، کە وردترین بەشی مادەیە، پێک هاتووە لە پرۆتۆنێکی بارگە موجەب و نیوترۆنێکی بارگە یەکسان و ئەلکترۆنێکی بارگە سالب ...

ساڵانێکیشە ئێرانیەکان دەڵین: مرۆڤ کە چووە تەمەنەوە، دەبێت خۆ لە ژەهرە سپیەکان بپارێزێ: خوێ، شەکر، بەز و چەوری حەیوان...

هەرچەند مایەی پێکەنین بوو، ماوەیەک پێش ئێستا ڤیدیۆیەکم بۆ هات باسی ئەوەی دەکرد:

درۆیە... دوگ و بەز و چەوری خراپ نیە و چاکە، سەروپێش بۆ کلسترۆڵ سود بەخشە و یەکاویەکە ...هههههه !

من ئەوەندە دەڵێم : شەکر و خوێ و چەوری، زۆر خواردنی زۆر زەرەرمەندە، بەڵام تەرکی یەکجاریشی هەر زەرەر مەندە...

تەنانەت ژەهری مار چەند کوشندەیە، لە بواری دەرمانسازیدا ئەویش سودمەندە !

من لەسەر ئەمانە، هیچ قسەم نیە و ئەگەر قسەیەکیشم کردوە، بە قەولی سەرۆکی پەرلەمانی پێشووتر، لە پرۆتۆکۆل بیسڕنەوە.

بەڵام ئەوەندە دەڵێم: ئەم کاکەیە چۆن ئەوەندە بە جورئەتەوە دەڵێت: لە ئەمریکا و ئەوروپا خەڵک بەیەکجاری شەکریان تەرک کردوە ...

من باسی بیبسی و کۆلا و خواردنەوە گازیەکان و شەربەت و سیروپ و مرەبا و باقلاوا و شۆکۆلاتە و نوقوڵ و چکلێت و هەزار نەوع نەستەلە ناکەم، کە ئەوروپای داپۆشیوە... تەنها باسی شەکری سپی دەکەم، کە هەر مارکێتێک لانیکەم، یەک تەن شەکری وردە و نیوتەن شەرکری کلۆی داناوە و هەمووشی خەڵک دەیخوات...

بەڵام خەڵکی ئێرە هەم دەزانن چۆن شت دەخۆن، هەم کەسانێکی زۆریش وەرزش دەکەن، هەم سەقەت خۆر و قەڵەویش زۆرن، بەتایبەت لە ئامریکا... ئەوەش لینکی ڤیدیۆکە:

https://www.facebook.com/333583373471733/videos/1086182654878464/

# کەمالی، عەلی کەمال باپیر ئاغای شاعیری کلاسیکی کورد دەربارەی جەژن ئەفەرموێ

## جەژنی کەسێک موبارەکە سەربەست و حوڕ بژی



کەمالی ناوی عەلی کەمال باپیر ئاغای جوامێر ئاغایە.

ئەم بەرهەمانە چاپ و بڵاوکردۆتەوە:

1 - باغی میر

–2 دیاری مەلا محەمەدی کۆیی

–3 شاعیرە ناو ون بووەکانی کورد.

–4 گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم

–5 گیانی سەعدی.

لە جەژنی قوربانی ١٩٣٥، کە دا لە بەغدا دەستبەسەر بووە.

بۆ «شێخ مەحموود»ی نوسیووە:

جەژنی کەسێک موبارەکە، سەربەست و حوڕ بژی

پابەندی دەستی غەیرە نەبێت، چەشنی کوڕ بژی

کوردی هەژار ئەسیری دەستی غەیری، جەژنی چی؟

کەی جەژنی تۆیە، بگری بڕۆ سەر بە قوڕ بژی!..

کەمالی شاعیرێکی ناودار و هەڵکەوتووی کوردستانە و بەشیعرە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی ڕۆڵی دیاری هەبووە لەجۆشدانی خەباتی کوردایەتیدا.لە ساڵی 1886 لە شاری سلێمانی دایک بووە.


لای خواجە ئەفەندی خوێندنی ئاینی خوێندووە.

دوای تەواو کردنی خوێندن بە فەرمانبەر دامەزراوە، لەشارەکانی سلێمانی، بەغدا، کەرکوک و هەڵەبجە.

کەمالی لەگۆڤار و ڕۆژنامەکانی سەردەمی خۆی وەک (بانگی کورد، بانگی کوردستان، ڕۆژی کوردستان، ئومێدی ئیستقلال، پێشکەوتن، ژیانەوە، ژیان، ژین، زاری کرمانجی و گەلاوێژ) شیعر و بەرهەمەکانی بڵاوکردۆتەوە.




هەژار مەجید




بەتشەبەع کیژووڵەیەکی ناسک و جوانی ژنی پاڵەوانێکی سەردەمی داود پێغەمبەرە، وەرگێڕانی بۆ کوردی لەسویدیەوە، خەبات عارف، پاڵەوانی چیرۆکەکە دایکی حەزرەتی سولەیمانە. داود پێغەمبەر عاشقی دەبێت و لەدەستی مێردەکەی دەریدەهێنێ و دەرهێنانەکەشی بە ئایەت و قسەی خودا پیرۆز دەکات. ئۆریا ئەخەسێنێ و ئەنێرێتە بەرەی جەنگ و بەکوشتی دەدات و بەکوشتدانەکەشی پیرۆز دەکات. تاوانەکەشی ئەخاتە سەر جوانی و لەبەردڵانییەکەی بەتشەبەع. بەتشەبەع لەناو خۆی دایە، بیردەکاتەوە و داڵغە لێ ئەدا و پێغەمبەرییەکەی داودی بەدڵ نییە و پێی قبوڵ نییە . بەتشەبەع گێڕانەوەی چیرۆکی ڕووبەرووبوونەوەی گەلی جولەکەیە دژی خودایە. یاخی بوونی بەردەوامە دژی پیرۆزی و دەسەڵات. لەهەمانکاتدا هەوڵدانێکی بێوچانە بۆ پیرۆزکردنی هەموو شتێک .

بەتشەبەع گێڕانەوەی چیرۆکی زوڵمە لەخودا، خودایەک کە بەدەست مرۆڤەکانەوە گیری خواردوە و هەرچی ئەکرێ بەناوی ئەوەوە ئەکرێ. هەرچی تاوانە دەخرێتە ئەستۆی ئەو. بەتشەبەع گێڕانەوەی چیرۆکی جەنگە، جەنگی بەناو پیرۆز دژی ئەویتر، دژی براکان و پیرۆزکردنیەتی. بەتشەبەع گێڕانەوەی چیرۆکی چڵێسی سێکسی پێغەمبەرانە، گێڕانەوەی پێرۆزکردنی چڵێسییەکانە. گێڕانەوەی داگیرکردنی جەستەیی ئەوانی ترە بەناوی خوداوە. هێنانی وەحی و سروشە بۆ تێرکردنی چڵێسییەکانیان. بەتشەبەع ئەو کتێبەیە کە پێویستە بۆ هەر دێڕێکی کتێبێک بنووسرێت. شیکردنەوەی ئەم ڕستەیە، (خوایە بۆ نەتهێشت ساڤان بژی)، کتێبێکی تری ئەوێ. ساڤان داود ئەیکوژی و گلەیی لە خوا ئەکات بۆ نەتهێشتوە بژی...؟

## هەر جارەی هونەرمەندێکی کورد

## سیروان ڕەئووف

### ئاشتی ئازادی لێبوردن

Vrede, Vrijheid en Verdraagzaamheid




Monument voor herdenking van slachtoffers van (oorlog) geweld.

In opdracht van de stichting Trefpunt Vaassen, mei 2005.

Het ontwerp (265 cm hoog) is een schaal (110cm) op drie zuilen (160cm), die samen drie maal de letter V vormen; vrijheid, vrede en verdraagzaamheid.

Deze thema’s worden nogmaals gesymboliseerd door de drie figuren in de schaal, Voor de figuren op de schaal heb ik gekozen voor eenvoudige lijnen, waardoor de boodschap duidelijk te ontvangen is en de beelden in harmonie zijn binnen het geheel, met de zuilen en de schaal. De zittende mens is de vrede. Hij is ontspannen. De langste figuur viert de vrijheid, reikend naar de lucht. De verdraagzaamheid opent zijn armen voor de ander, met respect en liefde

تـــاراوگـــە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە،
بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاوئەبێتەوە

TARAWGA
E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807

### ئاشتی ئازادی لێبوردن

مۆنیومەنتێکە بۆ یادکرنەوەی هەموو ئە و قوربانیانەیە کە لە ئەنجامی شەڕ و توندوتیژی دا لە ناو چوون. لە ٢٠٠٥/٥/٤ لە گۆڕەپانێکی ناوەندی شارۆچکەی فاسن (Vaassen) پەردەی لەسەر لابرا.

ئەم پەیکەرە کەناوی " ئاشتی ئازادی لێبوردن" ە ، لە برۆنز دروست کراوە و بەرزیەکەی ٢,٦٥ مەترە و پیک هاتوە لە سێ پایە هەریەکەی بەرزیەکەی ١,٦٠ مەترە، لە هەر لایەکەوە سەیری بکەیت شێوەی پیتی V دەبینی، بە زمانی هۆڵەندی ئەو سێ وشەیە بەو پیتە دەست پێدەکات:

Vrede, Vrijheid, Verdraagzaamheid

لەسەر ئەو سێ پایەیە دەفرێکی گەورە دانراوە کە تیرەکەی ١،١٠ مەترە و لەناو دەفرەکەدا سێ پەیکەری تێدایە، ئەو پەیکەرەی دانیشتوە نمایش لە ئاشتی دەکات و زۆر بە ئارامی و حەساوەیی دانیشتوە، دوومیان کە بەرزترینیانە دەستی ئاواڵا کردۆتەوە بەرەو ئاسمان ئاهەنگی ئازادی دەگێڕێت، سێهەم پەیکەریشیان بەرێزەوە ئامێزی گرتۆتەوە بۆ خۆشەویستی بۆ بەرامبەرەکەی و نمایش لە لێبوردن دەکات.



بەهۆی هەندێ لە هاوڕێیانی دڵسۆزمانەوە، پەیمانی ئەوەمان پێدراوە، مونتاجێکی جوان بۆ بڵاوکراوەی تـــاراوگـــە دروست بکرێت، لەمەودوا بە شێوازێکی دیکەوە بەرچاو و دڵودیدەی خوێنەرانی ڕۆشنبکاتەوە. لێرەوە جارێکی دیکە داوا لەسەرجەم نوسەران و ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی کورد لە تاراوگە و لە ناوەوە ئەکەمەوە بە بەرهەمە ناوازەکانیان تاراوگە بەسەر بکەنەوە. بێگومان بن بە بەبێ پشتگیری نوسەران تاراوگە ناتوانێ بەردەوام بێت.. چاوەڕوانین.